# چیرۆکنووس وشاعیرەکانی سەندیکا
# و
# ئایندەی رۆژنامەنوسان


**نەجات روستی**

najatrosty@yahoo.com


کاری رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی فراوان بۆتە پیشەی زۆرێك لە لاوان وتەمەنی بەرەو ژورتریش بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردو رێژەی ئەوانەی ئەم کارەدەکەن زیادی کردووە، ئەمەش هۆیە سەرەکیەکی بۆئەو دەگەرێتەوە کە ئەو فەزا ئازادییە هەیە لە کوردستان و هەموو کەسی بە ئازادی ئەتوانی رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوە دەربکات. هەرواشە, ئیستا کوێرە دێکی دور لەشار خاوەنی بلاوکراوەیەناوەرۆکیبابەتی هەمەچەشن لە خۆدەگرێت وکۆمەڵی خویندەوار لەدەوری کۆ بونەتەوە کێشە و گرفتەکانیان لەم رێگایە دەخەنە رولە پێناو چارەکردنیان. ستاف لەم بلاوکراوانەش کۆمەڵێ ناو لە دوای یەکتر رێز دەکردووە بەناوی ستاف نووسین و بەریوە بردن , دوای دەرچوونی یەك دوو ژمارەش نوسراوێکی فەرمی بەناوی بلاوکراوەکە بۆ سەندیکای رۆژنامە نووسان دەنێرێن، داوادەکەن هەموویان ببن بە ئەندامی سەندیکا بەبێ پەیرەوی ناوخۆش بۆیان هەیە ببن بە ئەندام لەبەرئەوەی سەندیکا رەزامەندی دەربریووە بۆ مۆڵەت پێدانی بلاوکراوەکە بۆیە ناتوانی رۆژنامەنوس، رۆشنامەنووس لەیەکتری جیابکاتەوە.هەندێکی تر کەکاری رۆژنامەنووسی ناکەن بەلام وەك کارگوزاریان هەرکارێکی تر کە دوورە لە کاری رۆژنامەنووسی لەدەزگایەکەی خۆی پشتگیری دەبەن بۆ سەندیکا تا ببن بە ئەندام لە سەندیکا, لێژنەی وەرگرتنی ئەندامانیش کە هەر بەناو لێژنەیە. لەبەرخاتری خاتران ودەزگایەکەو فۆرمیان بۆ پردەکەنەوە ئابونەی یەك ساڵی لێ وەردەگرن و جاری واش هەییە ئابۆنەی سالانەشی بۆ ئەدەن ئەگەر مەسئول بێت ناسنامەکەشی بۆ دەبەنەوە ئەوانی تریش.چاوەڕێ ناسنامەبن تا لە هەولێر دێتەوە، دیارە من باسی سەندیکای سلێمانی دەکەم کە حالی هەولێرو شارەکانی تریش لێرە باشترنی. بگرە خراپتریشە.

سەندیکای رۆژنامە نوسان دوای ئەوەی یەکیان گرتووە کۆنگرەیەکی یەکگرتوویان ئەنجام دا، کە

زۆربەی ئەوانەی بۆ بەڕیوەبردنی ڕێکخراوەکە دەستنیشانکران لەسەر ئەساسی حزبایەتی دانران، هیچ دیموکراتیەکی تیدانەبووە نوینەری ڕۆژنامەنوسان نین بەلکو نوینەری حزبن.بۆیە ڕێکخراوە کە بەرەو ئفلیجی رۆیشت, ناکارترین ڕێکخراو لە کوردستان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەرئەوەی ئەوانەی ڕێکخراوەکە بەڕێوە دەبەن زۆربەیان تەمەنێکی زۆریان هەیەو زۆربەی ژیانیان بەشعرو جیرۆکەوە بردۆتەوە سەر کاری ڕۆژنامەنووسیان نەکردووە. کاری سەندیکا تەنها ئەوەبووەکە ئابۆنەی سالانە وەربگرێ ، هەر وەفدێك رۆشتووە بۆ دەرەوە, چەند شاعیرێك و چیرۆك نوسێکی بەتەمەن ئەندامی ئەو وەفدانە بوونە لە هەموو رۆیشتنێکش ئەوانبوینە وەك ئەوەی لە کوردستان لە خۆیان زیاتر کەسی تێدانەبێت،. نەیان هێشتووە ئەوانەی کەبەراستی ممارەسەی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن دەرکەون ,بەهۆی حزبی بونیانەوە. کورسیەکەیان توند گرتووە. بۆیە ئێستا دەنگی ناڕەزای لەناو ڕۆژنامە نووسان لێرەو لەوێ بەرزبۆتەوە باس لە دروست بونی چەندین ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسان دەکەن، کۆمەلی ڕۆژنامە نووسی دەرچوی بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان سەرقالی دروست کردنی ڕێکخراوێکن بەناوی کۆمەلەی ڕۆژنامە نووسانی ئەکادیمی کوردستان ئەم ڕێکخراوە تەنها ئەوکەسانە لە خۆدەگرێ. کە دەرچووی یەکێك لەو باشانەن. کەسی تر ناتوانی ببی بە ئەندام ئەم ڕێکخراوە لە 2005/3/31. مۆلەتی رسمی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە، ئیستا لە خۆ ئامادەکردن دایە بۆ گرێ دانی کۆنفرانسی دامەزراندن. هەرلەم ماوەیە کۆمەلێك لە کارمەندانی چاپخانەکان لە خۆئامادەکردن دان بۆ دامەزراندنی سەندیکایەك تایبەت بە چاپیارانی کوردستان. کە ئەوانەی دەیانەوێ ببن بە ئەندام لەسەندیکایە دەبێ کاری چاپ کردن بکات لە یەکێك لە چاپخانەکان ئەوانەی کە ئێستا سەرقالی ئەم سەندیکایەن زۆربەیان ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان ,دیارە دروست کردنی ئەم ڕێکخراوە زۆر لەجێگای خۆیەتی بۆئەوەی هەریەکێك ئیشەکەی خۆی بناسی بەیشەکەی خۆییەوە بناسرێتەوە.

لە دوای ئەنجامدانی فێستڤالی بەدرخانیش لە هەولێر کۆمەلێ ڕۆژنامەنووس ڕێکخراوێکیان بەناوی یەکیتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاگەیاند کە تائیستاش دەستەی بەرێوەبردنی بەشێوەیەکی کاتی کاردەکەن, ئەم ڕێکخراوەش لە ئەنجامی بوونی ناعەدالەتی و بێ توانای سەرکردایەتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دروست بوو کە نەیان توانی خواستەیشە یەکانی

رۆژنامەنووس بەدیبهێنیٚ لە ژمارە رۆژنامەی کوردستانی نویٚ رۆژی یەك شەممەی رۆژ 2006/6/11 هاتووە , بۆ کۆکردنەوەی وەرزشکارانی رۆژنامەنوس رێکخراوێك دادەمەزریٚ بۆ ئەوەی بتوانن رۆژنامە نووسانی ئەم بوارە لە ژێر چەتری رێکخراوێك کۆبکاتەوە بۆ زیاتر گەشەدان بە بواری وەرزشی لە کوردستان . بوونی ئەم چەند رێکخراوە کە دڵنیام ئیتر یشی لە دواییە , نیشانەی ئەوەیە کە سەندیکا نەی توانیووە خزمەتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات. لەبەزۆریبۆری ئەندامەکانی . لقی سلێمانی سەندیکا زیاتر لە 900 ئەندامەی هەییەتەنها لە پارێزگای سلێمانی, ئەگەر بە ژمارە بوایە دەبوایە کوردستان پێشکەوتوو ترین وڵات بوایە لە رووی راگەیاندن. بەڵام بەپێچەوانە وە رۆژانە هەواڵ و بابەتەکانی رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستان بەرچاو دەکەون کەهیچ بنەمای زانستی یان تیدایە. زیاتر بابەتەکان لە شێوەیەکی دارشتنی کەمتەب دەچیٚ.ستافی رۆژنامەکانیش هیچ بنەمایەکی زانستی لەبەرچاو ناگرن و گرنگە ئەوەییەکە لاپەرەکەیان پرکردۆتەوەدەردەچیٚ. هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی رۆژنامەنووسی شارەزاو لهاتوو لە دەزگاکان دەگەرێتەوە , کۆمەڵی شاعیر خۆیان پیوە هەڵواسیوە لە خۆشیان زیاتر کە بەرۆژنامەنووس نازانن .

ئەمانە بوونەتە مۆرانە بۆ رۆژنامەی کوردی بۆیە هیچ پیشکەوتێك لە رۆژنامەکان بەدی ناکریٚ, سەیر لەوەدایە رۆژنامەکە لە ژمارە سەرەتایەکانی کەم و کورتیشی هەبیٚ ئاساییە چونکە بەپیٚ ی بەردەوام بوون شارەزایی پەیدادەکەن بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو دەیبنی ژمارە سەرەتاییەکانی زۆر باشتر بوون لە ژمارە کوتاییەکانی لە جیاتی ئەوەی زیاتر پیشکەویٚ. بەرەو دواوە دێتەوە، هەرچەندە ,ئەورەوشە بەردەوام نابیٚ رۆژنامەیان بڵاو کراوەکانی لە چەشنە تەمەنیان درێژنابی زوو لە نێودەچن. بەڵام بۆ مێژووی ئایندەی رۆژنامەنووسی کورد وینەیەکی جوان نیشان نادەن . لەسەردەمی ئەنتەرنێت و پێشکەوترین تەکنەلۆژیای سەردەم ئەمەحالی رۆژنامەنووسی کوردە . کە هۆکاری سەرەکی لە ئەستۆی سەندیکای رۆژنامەنوساندتییە, چونکە نەیان توانییوە رۆژنامەنوسی کاراو شارەزا پەروەردە بکەن و خولی تاییەتیان بۆ بکەنەوە.یان جیگا چۆلبکەن بۆ کەسانی شارەزا کە هەن.